

@ Metro Centre; Hevi Khalid (Sulaymaniyah December 2020)

# ئازادی رادەربڕین
# لە هەرێمی کوردستانی عیراق

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان

ئایاری 2021

بەغدا، عیراق

‘‘ئەم ساڵانەی دوایی پێشوەچونێک وەدیهات بەرەو کوردستانێکی دیموکراسی کە تیایدا ئازادی رادەربڕین و سەروەری یاسا بەرز بنرخێندرێت. بەڵام کۆمەڵگا دیموکراسیەکان پێویستی بە هۆکاری راگەیاندن و چالاکوان و رەخنەگران هەیە بۆ ئەوەی بتوانن روماڵی پرسە گشتیەکان بکەن بەبی سانسۆر یان ترس، وە هاوڵاتیان مافی دەست گەیشتن بە زانیاریەکانیان هەیە"

- کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ میشێل باشلیت، 12 ی ئایاری 2021’’.

‘‘شەفافیەت و لێپرسینەوە و کرانەوە بۆ پرساندن کردەیەکی زیندوە بۆ دیموکراسیەتێکی تەندروست’’.

- نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عیراق، جینین بلاسخارت. 12 ی ئایاری 2021

## ناوەڕۆک


I. کورتەی جێبەجێکار ...... 4
II. دەسەڵات ...... 4
III. میتۆد ...... 5
IV. چوارچێوەی یاسایی ...... 5
i. پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤی جێبەجێکراو ...... 5
ii. پێوەرە نێودەوڵەتیە جێبەجێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ...... 8
V. پرسە سەرەکیەکانی مافەکانی مرۆڤ کە مایەی نیگەرانین ...... 10
iii. گرتن و ڕاگرتنی هەڕەمەکی و پێشێلکاری لە زەماناتی پرۆسەی دادوەری ...... 10
iv. ڕێکاری یاسایی بە ئامانجکراو لە دژی ئەوکەسانەی کە ڕەخنە لە حکومەت دەگرن ...... 11
i. دەست تێوەردان لە پەخشی تەلەفیزیۆنی و رادیۆیی پەیوەست بە روماڵی خۆپیشاندانەکان ...... 15
ii. هەڕەشە و تۆقاندن و هەراسانکردن و دەست درێژی جەستەیی بۆ سەر رۆژنامەنووسان و چالاکوانان. ...... 15
VI. دەرەنجام ...... 16
VII. راسپاردە سەرەکیەکان ...... 16

## I. کورتەی جێبەجێکار

پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە نێو چوارچێوەی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە، لەگەڵ بونی ئەحکامی روون و ئاشکرا کە زامنی مافی ئازادی رادەربڕینە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام راگەیەندراوی گرنگ دەردەکات کە تیایدا ددان بە پابەندبوون بەو پێوەرە یاساییانەدا ئەنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو راستیانەی کە تێبینی کراون لەسەر ئەرزی واقع ئاماژە بۆ جۆرێک لە هەڵکشان لە سەرکوتکردن و بەرتەسک کردنەوەی چالاک لەسەر ئازادی رادەربڕین دەکەن .

بە درێژایی ساڵی رابردوو، رۆژنامەنوسان و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و خۆپیشاندەران ئەوانەی کە گومانیان لە هەڵس و کەوتەکان یان رەخنەیان لە دەسەڵاتی گشتی کوردی گرتوە دووچاری مەترسی تۆقاندن، هەڕەشە، هەراسانکردن و هەروەها گرتنی هەڕەمەکی و گرتنیش بونەتەوە .

رەخنەگران روبەڕووی تۆمەتی تاوانکاری بوونەوە کە پەیوەستبوە بە پیادە کردنی مافی رەوای ئازادیان لە را دەربڕین، دواتر دادگایی کردنی بەدواداهاتووە کە مافە بنەڕەتیەکان و زەماناتە رێکاریەکان رێزیان لێ نەگیرابوو یان وەک پێویست نەبووە .

ئازادی رادەبڕین لە هەرێمی کوردستان، لە لایەن ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق ( یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئامادەکراوە کە تیشك دەخاتە سەر ئەو رێکارانەی کە دەسەڵاتە گشتیەکان گرتویەتانە بەر بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرهەڵستکاری و رەخنەگرتن لە شێوازی مامەڵەکردنی دەسەڵاتە گشتیەکان لەگەل ئاستەنگە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2020 دا. ئەم راپۆرتە ماوەی نێوان 1ی ئازاری 2020 تاکو 30 نیسانی 2021دەگرێتەوە.

لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا لەگەڵ ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی یۆنامی لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلیمانی لە مانگی ئازاری 2020 تاکو مانگی ئازاری 2021، میدیاکاران، داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانان لە هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی باسیان لەوە کردوە کە داکشانێکی بەرچاو بەدیکراوە لەسەر پرسی پیادە کردنی مافی ئازادی رادەربڕین لە ناوەڕاستی سالی 2019ەوە .

لەگەڵ ددان نان بەوەی کە دەسەڵاتە کوردیەکانی ئێستا رووبەڕووی ئاستەنگی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بێ هاوتا بۆتەوە، بەڵام دەرەنجامە سەرەکیەکانی ئەم راپۆرتەش مایەی نیگەرانی قووڵن (جیددین) بەتایبەتیش هەڵس و کەوتی دام و دەزگا ئەمنیەکان و جێبەجێکردنی بە ئارەزوو هەڵبژاردنی(ئینتیقائی) یاساکان و کەمی پەیوەست بوون بە رێکارە یاساییەکان و مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە .

بە لەبەرچاوگرتنی هەمئاهەنگی بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان, راپۆرتەکەو و راسپاردەکانیشی بەشێکن لە پرۆسەیەکی گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی کردنی هەوڵەکانن بۆ پەرەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتیش مافی ئازادی رادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتیانە و ئازادی و ئاسایشی تاکەکەس و هاندانی لێپرسینەوە لە پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ و قەرەبۆ کردنەوەی قوربانیان ، لە نێویشیاندا چارەسەری کارا کە پرسی جێندەر لەبەرچاو بگرێ. نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق ( یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان پێزانینیان هەیە بەو هەوڵانەی کە دراون بە ئاراستەی جێبەجێکردنی راسپاردەکانی ئەو راپۆرتە.

## II. دەسەڵات

ئەم راپۆرتەو راسپاردەکانیشی ئامادەکراون بە پێ ی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە نێویشیاندا بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 2522 لە سالی 2020 کە دەسەڵات دەدات بە یۆنامی " بەرپرسیاریەتی بەهێزبکات و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاکسازی یاسایی و دادوەری ئەنجامبدات بە رێزگرتنی تەواو لە سەروەری عیراق ، لە پێناو بەهێزکردنی

سەروەری یاسا لە عیراقدا .

لە ڕێگای ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤەوە یۆنامی کۆمەڵێك چالاکی ئەنجام دەدات وەک چاودێری کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئامادەکردنی ڕاپۆرت وەک پاڵپشتیەك بۆ هەوڵەکانی بەهێزکردنی سەروەری یاسا و لێپرسینەوە لە پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ لە عیراق.

## III. میتۆد

ئەم ڕاپۆرتە پشتی بەستوە بە ئەنجامی 361 ( 312 پیاو وە 48 ئافرەت) چاوپێکەوتنی نهێنی کە لە ماوەی نێوان 15 ی ئازار2020 تاکو 30 ی نیسانی 2021 ئەنجامدراوە لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان و خۆپیشاندەران و چالاکوانان و ئەو کەسانەش کە دەستگیر کراون ، کەسوکاری چالاکوانەکان و پارێزەرەکانیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و حکومەت و هێزەکانی ئاسایش و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاریان هەبووە دەربارەی پرسەکانی پەیوەندیدار. نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەمیسان هەڵساون بە پێداچونەوە بە زانیارییەکان لەسەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە ،وە هەروەها ئەو ڤیدیۆ و وێنانەی کە لەلایەن سەرچاوەی جێگای متمانەوە بۆی نێردرابوو . سەرباری ئەوەش کە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ دەسەڵاتەکان سەبارەت بە پرسەکانی مافەکانی مرۆڤ .

ئەو دەرەئەنجامانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە بە دۆکیۆمێنت کراوە و پاڵپشت کراوە بە شێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ مەنهەجیەتی مافەکانی مرۆڤ لە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان.

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە ئاگایی پێویستەوە هەڵسەنگاندنی کردوە بۆ ڕاستی و دروستی سەرچاوەکانی زانیاریەکان وە وردبینیشی کردوە لە ڕاستی و دروستیاندا .

## IV. چوارچێوەی یاسایی:

### i. پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤی جێبەجێکراو

**ئازادی ڕادەربڕین**

لە مادەی 19 لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووە کە هەموو کەسێک مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەیە. ئەم مافە ئەوەش دەگرێتەوە کە ئازاد بێت لەپەنابردنە بەر هەر جۆرە زانیاری و بیروباوەڕێک و وەرگرتنیان و گواستنەوەیان.

لێژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ئەوەی دیاری کردوە کە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دوور لە سانسۆر و ئاستەنگ و ئازادی ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان و بیرۆکە سەبارەت بە پرسە سیاسی و گشتیەکان لە نێو هاوڵاتیان و پاڵێوراوان و نوێنەرانی هەڵبژێردراو پرسی گرنگن بۆ زامن کردنی ئازادی بیرورا و ڕادەربڕین.

ئەوەش مانای بوونی ڕۆژنامەگەری ئازاد و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی تر کە توانای ئەوەیان هەبێت قسە لەسەر پرسە گشتیەکان بکەن بەبێ سانسۆر یان کۆتو بەند بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی دەگەیەنی. خەڵکیش مافی ئەوەی هەیە کە وەرگر و گوێبیستی

پەیامی ڕاگەیاندنەکان بن.[1]

ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ سەرکۆنەی هەموو ئەو ڕێکارانەی کردوە کە ڕێگرن یان دەبنە هۆی پەکخستنی توانای کەسەکان بۆ دەست گەیشتن بە زانیاریەکان و گواستنەوەیان لە ڕێگای ئەنتەرنێت وە وەک پێشێلکاری بۆ یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ هەژماری کردوە. [2]

وە داوای لە هەموو وڵاتان کردوە بۆ وازهێنان لەم ڕەفتارانە و ڕاگرتنیان وە دڵنیابوون لەوەی کە هەموو یاسا و ڕێساکانی نێوخۆیی گونجاون لەگەڵ پابەندیە نێودەوڵەتیەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ کە پەیوەستن بە ئازادی ڕاو ڕادەربڕین لە ڕێگای ئەنتەرنیتەوە. [3]

هەروەها ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ داوای کردوە کە گرنگی بدرێت بە سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان و میدیا کاران کە چاودێری نارەزایەتیە ئاشتیانەکان دەکەن[4] و تۆماریان دەکەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی دیاری کراویان، بەرکەوتنیان و بێدەرەتانیان. [5]

کۆمێنتی گشتی ژمارە 37 جەخت لەسەر ڕۆڵی گرنگی ڕۆژنامەنووسان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ و کەسانی تر ئەکاتەوە لە چاودێری کردنی گردبوونەوەکان و ڕیپۆرت کردنیان و مافیشیان کە بە پێی پەماننامەکە پارێزراوبن. وە نابێت ڕێگریان لێ بکرێت لە پیادە کردنی ئەو ئەرکانەیان یان کۆتو بەندیان بخرێتە پێش بە شێوەیەکی نەگونجاو، لە نێویشیاندا ئەوەی کە پەیوەستە بە چاودێری کردنی هەڵس و کەوتی بەرپرسانی جێبەجێ کردنی یاسا. نابێت ئەوانە دووچاری کاری تۆڵە سەندنەوە بن یان هەر هەراسانکردنێکی تر، وە نابێت کەل و پەلەکانیان لێ بسەنرێت یان تێک و پێک بشکێنرێت. تەنانەت ئەگەر واش ڕاگەیەنرا بوو کە گردبوونەوەکە نا یاساییە و ریکو پێک نیە، ئەوە مافی چاودێری کردن هەڵناپەسێرێ.[6]

دەستگیرکردنی هەڕەمەکی و ڕاگرتن

لە ماددەی 9 لە پەیماننامەی نیودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا[7] هاتووە کە هەموو کەسێک مافی ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی هەیە، نابێت کەس بە زۆر دەست بەسەربکرێت یان دەستگیربکرێت وە نابێت لە ئازادی بێ بەش بکرێت تەنها بەهۆی ئەو هۆکارانەوە نەبێت کە بەیاسا ڕێساکەنەوە دیاریکراون و بڕیاری لەسەردراوە.

هەرکەسێک بێبەش کرا بێت لە ئازادیەکانی بەهۆی دەستگیر کردنی یان ڕاگرتنی دەبێت مافی ئەوەی هەبێت کە ڕێکاری یاسایی لە دادگا بۆ بکرێت بۆ ئەوەی دادگا بەبێ دواکەوتن بڕیار بدات کە ئاخۆ ئەم ڕاگرتنە یاساییە یانیش ئەگەر ڕاگرتنەکەی نایاسایی بێت ئەوا ئازادی بکات. [8]

لەوانەیە دەستگیرکردن و ڕاگرتن ڕێگەپێدراو بێت بە پێ ی ئەو ڕێکارانەی کە دیاری کراون لە یاسای نیشتیمانی بەلام هێشتا هەر

---

[1] بڕیاری ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ 12/44(A/HRC/RES/44/12). هەروەها سەیری لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژ.34(2011) سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین (CCPR/C/GC/34) پارا 20

[2] بڕیاری ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ 38 / 7 (A/HRC/RES/38/7) پاراگرافی 13

[3] لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژ. 37(2020) سەبارەت بە ئازادی گردبونەوەی ئاشتیانە (CCPR/C/GC/37) پارا 13،10، و34.

[4] سەیری https://undocs.org/en/A/HRC/44/52 and https://www.ohchr.org/Documents/Publications/MonitoringChapter22.pdf بکە

[5] بڕیاری ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ 28/25، (A/HRC/RES/25/28) پاراگراف 8.

[6] لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژ.34(2011) سەبارەت بە ئازادی ڕادەبڕین (CCPR/C/GC/34) پاراگراف 30.

[7] پشتڕاستکردنەوەی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە لایەن عیراقەوە لە 25 ی کانونی دووەمی 1971

[8] پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان مادە 9 بڕگە 4.

ڕەشبگیرە.

چەمکی "ڕەشبگیر" بە شێوەیەکی سادە مانای "دژە یاسا" ناگەیەنێ، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی فراوانتر لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە لایەنەکانی نەگونجان و نادادپەروەری و نەتوانین بۆ پێشبینی کردن و ڕێکارە یاساییە پێویستەکان و هەروەها مەعقولیەت و پێویستی و ڕێژەییش بگرێتەوە.

دەستگیرکردن یان ڕاگرتن وەک سزایەک بۆ پیادەکردنی مافەکانی تر کە دەستەبەر کراون بەپێی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان، لە نێویشیاندا ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی گردبوونەوە، لەوانەیە بگاتە ئاستی"ڕاگرتنی ڕەشبگیر" [9]

## مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە.

لە مادەی 14 لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووە کە هەموو خەڵگی یەکسانن لەبەردەم یاساداو لە حالەتی دیاری کردنی هەر تۆمەتێک کە بدرێتە پاڵێ مافی ئەوەی هەیە کە دۆزەکەی جێگەی چاوپیاخشاندنەوەیەکی دادوەرانەو ئاشکرابێت لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەندی سەربەخۆی بێلایەنەوە[10] وە هەر لە مادەی 14 ەشدا باس لەو زەماناتانە کراوە کە دەبێت بۆ هەر کەسێک دابین بکرێت کە تۆمەتبار کراوە بە ئەنجامدانی تاوانێک لە نێویشیاندا: مافی پێدانی کات و ئاسانکاری تەواو بۆ بەرەنگاری کردن لەخۆی، مافی گفتوگۆکردن لەگەڵ شایەتەکانی وە مافی ناچارنەکردنی بۆ شایەتی دان لە دژی خۆی بۆ ددان نان بە تاوانەکە.

## ئازادی لە جووڵەو گەشتکردن

لە مادەی ١٢ لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووە کە هەموو کەس بەشێوەیەکی یاسایی دەبێت مافی ئەوەی هەبێت کە بە ئازادی لەهەموو ناوچەکانی وولاتدا جووڵە و گەشت بکات. هەروەها لە مادەی ١٢(٣) دا هاتووە کەوا تەنها لەچەند بارودۆخێکی تەنگەتاویدا دەتوانرێت مافی ئازادی گەشتکردن سنووردار بکرێت، واتە کاتێك کە پێویست بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان سیستمی گشتی یان تەندروستی گشتی یان خوڕەوشتی گشتی و مافی ئازادی کەسانی دیکە.

بۆئەوەی ئەم جۆرە سنووردارکردنەش ڕێگەپێدراو بێت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ پێویستە بە یاسا ڕێکبخرێت، هەروەها دەبێت لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا زۆر پێویست بێت بۆ پاراستنی ئەم مەبەستانەو هەروەها لەگەڵ هەموو مافە باوەڕپێکراوەکانی تری ئەم پەیماننامەیەدا بگونجێت، لەنێویشیدا مافی ئازادی ڕادەربڕین بەپێی مادەی ١٩.

لەم چوارچێوەیەشدا، لێژنەی مافەکانی مرۆڤ ڕوونی کردۆتەوە کەوا زۆرجار سنووردارکردنی ئازادی جووڵەو گەشتکردن بۆ ڕۆژنامەنوسان ناگونجێت لەگەڵ مادەی ١٩، بەتایبەتیش بۆ ئەم شوێنانەی کە دەووترێت پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤی تێدایە.[11]

## مافی ئازادی گردبونەوە

---

[9] لێژنەی مافەکانی مرۆڤ ,کۆمینتی گشتی ژمارە 35 (2014)، ( ئازادی و ئاسایشی کەسەکان)، ، CCPR/C/GC/35، پاراگراف 17

[10] مادده (14)(1) پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان

[11] سەرچاوەی پێشوو پەرەگرافی ٤٥

له ماده 21 له پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان هاتوە کە " ئەبی ددان بە مافی ئازادی گردبونەوە بنرێ" ئەو مافە پارێزگاری لە گردبونەوەی ئاشتیانە دەکات بۆ ژمارەیەک خەڵک لە شوێنێک فەراهەم کراو بۆ خەڵک بەمەبەستی دەربڕینێکی هاوبەش. ددان نان بە مافی گردبوونەوەی ئاشتیانە پابەندیەک لەسەر دەوڵەت دروست دەکات کە بە شێوازێک لە گونجان مامەڵە لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە بکات. وە ئەوەش خۆی بەدوور بگرێ لە دەست تێوەردانی بێ بیانوو، وە لە کاتی پێویستیش، ئاسانکاری بۆ ئەو جۆرە گردبونەوانە بکات[12] .

ئازادی گردبونەوە مافێکی رەها نیە، وە دەکری کۆت و بەند بکرێت لە هەندی حالەتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت کۆت و بەند بسەپێندرێ تەنها مەگەر لە یاسادا هاتبێ و " پێویست بێ بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و لە بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتمانی و یان سەلامەتی گشتی یان سیستەمی گشتی یان پاراستنی تەندروستی گشتی یان ئادابی گشتی یان پاراستنی مافەکان و ئازادیەکانی خەڵکانی تر".[13]

بەشدار بوانی خۆپیشاندانەکان مافی پاراستنیان هەیە بەپێ ی مافی گردبوونەوەی ئاشتیانە[14]، کە وا دەخوازێ لە وولاتان رێگە بدەن بەو جۆرە گردبونەوانە کە ئەنجام بدرێ بەبێ دەست تێوەردانی بی بیانوو، وە هەر کاتێکیش پێویست بکات، کارئاسانی بۆ پیادەکردنی مافەکە بکات و بەشدار بوانیش بپارێزێ.[15]

## ii. پێوەرە جێبەجێکراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستانی عیراق

دەستوری عیراق

لەدەستوری عیراقدا پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتیانە و دروستکردنی کۆمەڵە و گەیاندن دەستەبەرکراوە، لەنێویشیدا پەیوەندی ئەلیکترۆنی وە مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە. [16]

## یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ( یاسای ژ. ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧)

جگە لە زەماناتە دەستوریەکان بۆ مافی ئازادی ڕادەربڕین یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان (یاسای ژ. ٣٥ ی ساڵی٢٠٠٧) قەدەغەی سانسۆر خستنە سەر ڕۆژنامەگەری دەکات و هەروەها زامنی ئەوەدەکات کە هەموو هاوڵاتیەك مافی ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوەی هەیە[17]، وە زۆر بە ڕاشکاویش تێیدا هاتووە کە " ئەو بیروڕاو زانیاریانەی کە لەلایەن ڕۆژنامەنوسێکدا بڵاودەکرێتەوە نابێت وەك پاساوێك بەکاربهێنرێت بۆ زیان پێگەیاندن و ئازاردانی ئەو کەسەو پێشێلکاری لە مافەکانیدا. [18]

لەپاڵ ئەم گەرەنتیانەشدا یاسای ڕۆژنامەگەری چەندین قەدەغەکردن دەسەپێنێت بەسەر ڕۆژنامەنوسانی پرۆفیشناڵدا وە

---

[12] لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژ. 37 سەبارەت بە ماده 21: مافی ئازادی گردبونەوە.

[13] پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ماده 22 برگە (2)

[14] پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ماده 21

[15] لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژ. 37 پاراگرافی 8.

[16] دەستوری عیراق ٢٠٠٥مادەکانی 19, 38, 39, 40, وە 42.

17 یاسای ڕۆژنامەگەری ه.ك (یاسای ژ.٢٠٠٧/٣٥) مادەی ٢(١)

18 بگەڕێوە بۆ مادەی ٧(٢)

دەیانکات بە تاوانی سزاپێ وەك (سزای پێبژاردنی زیاترلە ٥ ملیون دیناری عیراقی) بۆ میدیای چاپەمەنی کاتێك شتێك بڵاودەکەنەوە کە ڕق و کینەو دووبەرەکی و ناتەبایی و نەگونجان لە نێو پێکهاتەکاندا لە ناو کۆمەڵگە بچێنێت [19] یانیش ئەوانەی دەبنە هۆکاری تەشهیر و ناوزڕاندن.[20]

هەروەها یاسای ڕۆژنامەگەری ڕێگرە لە ڕۆژنامەنوسان کە زانیاری هەڵە بڵاوبکەنەوە وە ڕێگەش بەکەسانی پەیوەست دەدات کە زانیارییە هەڵەکان ڕاست بکەنەوە و پێبژاردنیش دەسەپێنێت بەسەر ئەو کەسانەی کە زانیاریەکان ڕاست ناکەنەوە. لەهەمان کەتیشدا لەیاساکەدا هاتووە کە هیچ تاوانێك بەدی ناکرێت کاتێك ڕۆژنامەنوسێك زانیاری لەسەر کارەکانی بەرپرسێك یان نوێنەرێکی حکومی بڵاودەکاتەوە بە مەرجێك زانیارییە بڵاوکراوەکانی لە کاری پرۆفیشنالی لانەدات و پاڵپشت بێت بە بەڵگەوە.[21]

## یاسای سزادانی عیراق ( یاسای ژ. ١١١ی ساڵی ١٩٦٩)

یاسای سزادانی عیراق "ناوزڕاندن"[22] قەدەغە دەکات، وە لەیاسەکەشدا هاتووە کە هەرکەسێك بەم تۆمەتە تاوانبار بکرێت ئەوا بە "پێبژاردن و بەندکردن سزادەدرێت یانیش بە یەکێك لەم دوو سزایە" [23]. لەیاساکەدا زۆرترین ئاستی سزای بەندکردن و بڕی پێبژاردن دەستنیشان نەکراوە. بەپێی یاساکە ئەگەر هاتوو ناوزڕاندن لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا بڵاوبکرێتەوە ئەوا بە دۆخێکی توند هەژمار دەکرێت[24]. هیچ تاوانێکیش بەدی ناکرێت کاتێك زانیاری بڵاوکراوە پەیوەستە بە بەرپرسێکی حکومی یان بە پێگەو وەزیفەی کەسی زیانپێکەوتوو کاتێك کە کەسی تاوانبار بە ناوزڕاندنەکە ڕاستی و دروستی زانیاریەکانی پشتڕاست دەکاتەوە. [25]

### یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان (یاسای ژ. ٦ی ساڵی ٢٠٠٨)

لە مادەی ٢ی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردندا هاتووە سزای بەندکرن بۆ ماوەیەك کەدەگات بە (٥) ساڵ بۆ خراپ بەکارهێنانی مۆبایل یان هەر ئامێرێکی تری پەیوەندیکردن یان ئیمەیل یان ئینتەرنێت بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن (قذف) یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو کە ترس پەیدا دەکات یان دزەی بە گفتوگۆ کردن کرد یان وێنەی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ خۆرەوشتی گشتیدا ناگونجێ یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجام دانی تاوان بدات. هیچ یەك لەم کارانەی کە تاوان پێکدێنن و لە مادەی ٢ی یاساکەدا هاتوون پێناسەی تەواویان بۆ نەکراوە لە یاساکەدا.

## ڕێکارەکانی پاراستن لە دەستگیرکردنی هەڕەمەکی

لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ی عیراقدا هاتووە کە دەستگیرکردن ڕێگەپێدراوە ئەگەر بێت بەبڕیاری دادوەر بێت یان لە حالەتەکانی تردا کە دەبێت بە دەق لە یاسادا هاتبێت، ئەوەش ئەوە دەگرێتەوە کە تاوانێک روبدات لە پێش چاوی خەڵک[26]..

---

19بگەڕێوە بۆ مادەی٩(١)

20 بگەڕێوە بۆ مادەی٩(٥)

21 بگەڕێوە بۆ مادەی٨(٤)

22 یاسای سزادان (یاسای ژ.١١١ی١٩٦٩) مادەی ٤٣٣(١) " ناوزڕاندن واتە قسە هەڵبەستن بۆ کەسێك بەئاشکرا، گەر ڕاست بێت ئەوا لەوانەیە ئەو کەسە سزا بدرێت یان دەبیتە هۆکاری لەکەدارکردن لەنێو کۆمەڵگادا.

23 بگەڕێوە بۆ مادەی ٤٣٣

24 بگەڕێوە

25 بگەڕێوە بۆ مادەی 433 بڕِطةی 2.

26 یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (ژ.٢٣/ساڵی ١٩٧١) مادەکانی 92,102 وة 203

ئەم زەمانەتە لە " یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان "یشدا هاتووە کە دەڵێت نابێت هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەك لەگەڵ ڕۆژنامەنوسدا بکرێت لەسەر شتێك کە پەیوەندی بە کارەکەیەوە هەبێت تەنها بەبڕیاری دادوەر نەبێت.

بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عیراق پێویستە کەسی دەستگیرکراو دەستبەجێ بگوازرێتەوە بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس و ڕادەستی دەسەڵاتی دادوەری[27] بکرێت هەرچۆنێك بێت دەبێت کەسی دەستگیرکراو لەماوەی ٢٤ کەتژمێردا لەبەردەم دادوەر ئامادەبێت بەمەبەستی لێکۆڵینەوە[28]. پێش لێکۆڵینەوەش پێویستە دادوەر تۆمەتەکان بە کەسی دەستگیرکراو بڵێت وە هەروەها پێویستە پێشی ڕاگەیەنێت کە مافی داوکردنی پارێزەری هەیە بۆئەوەی نوێنەرایەتی بکات.[29]

## V. پرسە سەرەکیەکانی مافەکانی مرۆڤ کە مایەی نیگەرانین

لەنێوان مانگی ئازاری 2020 بۆ نیسانی 2021 ، نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ/یونامی چەندین بانگێشەی باوەڕپێکراوی تۆمار کردووە لەسەر سەپاندنی سنووردارکردنی نایاسایی بەسەر مافی ئەو کەسانەی کە دەنگ هەڵدەبڕن و ڕەخنە لە دەسەڵاتە حکومییە کوردیەکان و سیاسەتەکانیان دەگرن. ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانان و کەسانی تر دووچاری گرتنی هەڕەمەکی و پێشێلکاری لە زەماناتە دادوەریەکان بوونەتەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی هەڕەشەو /یان جۆرەکانی تر لە فشارو تۆقاندن.

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەروەها چەندین حالەتی دووبارەبۆوەی تۆمارکردووە دەربارەی ئەو ڕێکارانەی کە دەسەڵات گرتویەتیە بەر کە واپێدەچێت بەئامانجی قەدەغەکردنی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکان بێت لەرێگەی بەربەست خستنە بەر ئازادی جوولەی ڕۆژنامەنوسان بۆ گەشتکردن بەمەبەستی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکان و ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان بەپاساوی ئاسایشی نەتەوەیی. زۆربەی روداوەکان لە نێوان ئازار و ئابی 2020 دا تۆمارکراون. هەروەها چەندین پێشێلکاری دیکەش دۆکۆمێنتکراوە وەکو زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی هێز لەلایەن هێزە ئەمنیەکان و وەک دیاربوو ڕەشبگیریی لە گرتنی خۆپیشاندەرانیش.

### i. گرتن و ڕاگرتنی هەڕەمەکی و پێشێلکاری لە زەماناتی پرۆسەی دادوەری

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵساون بە دۆکۆمێنتکردنی جۆرێك لە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوسان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بڵاوکراوەکانیان لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و نوسینی ووتار دەربارەی پێش پلانی خۆپیشاندان و ئامادەبوون و ریپۆرتکردن دەربارەی خۆپیشاندانەکان وەك بەشێك لە مافەکانی خۆیان لە ئازادی ڕادەربڕین کە لەلایەن دەسەڵاتەکانی حکومەتەوە بە دژایەتیکردنی بەرژەوەندیەکانی کورد هەژمارکراوە.

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان 33 کەیسی گرتنی ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤی دۆکۆمێنت کردووە, کە هەموویان پیاو بوون, بەبێ ئەوەی زانیاریان پێ بدرێت سەبارەت بە هۆکارەکانی دەستگیرکردنیان و ڕێگەشیان پێنەدراوە پەیوەندی بە پارێزەرەکانیان بکەن وە زانیاریشیان پێ نەدراوە دەربارەی تۆمەتەکانیان وە خێزانەکانیشیان لە کاتی گونجاو ئاگادارنەکراونەتەوە سەبارەت بە جێگا و شوێنیان. زۆربەی دەستگیرکاوەکان بۆ ماوەیەکی درێژ ڕاگیراون- کە هەندێك جار گەیشتۆتە چەند مانگێك.

---

27 بگەڕێوە مادەی (106)

28 بگەڕێوە مادەی (١٢٣/أ)

29 بگەڕێوە مادەی (١٢٣/ب)

هەروەها هەندێکیان بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ڕۆژ ڕاگیراون بەبێ ئەوەی ببرێنە بەردەمی دادوەر- کەئەمەش پێشێلکارییە لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی [30]وە دوواتر بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکیان بخرێتەپاڵ ئازادکراون.

یەکێك لە نمونەکانیش کەیسی ڕۆژنامەنوسێکە کە بەبێ هیچ بڕیارێکی دادگا لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کراوە لە ١٩ی ئاب لەکاتی ڕوماڵکردنی گردبونەوەیەکی شوفێرانی بارهەڵگر لە خاڵێکی سنوری لە دهۆك. ئاسایش ئەم ڕۆژنامەنوسەی بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ گرتووە بەبێ ئەوەی لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە ئامادەبێت و بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکیشی نەبە پارێزەرەکەی و نە کەسوکارەکەیەوە کردبێت لە ماوەی ڕاگیرانەکەیدا. ئەوەبو دوواتر لە ٣٠ ئابدا ئازادکرا بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی بخرێتەپاڵ.

وە لە کەیسێکی تردا، لە ئابی 2020، ڕۆژنامەنوسێک دەستگیر کرا کە بۆ دامەزراوەیەکی ڕادیۆی ناوخۆیی کاری دەکرد بەبێ ئەوەی زانیاری پێبدرێت سەبارەت بە هۆکارەکانی دەستگیرکردنی، ئەوەش دوای ئەوە هات کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەندی خەڵک کردبوو سەبارەت بە بۆچونیان لەبارەی هێزەکانی ئاسایش[31]. ڕۆژنامەنووسەکە گوازرایەوە بۆ شوێنێکی تر کە لەوێ ئاگادارکرایەوە ( بەبێ ئەوەش کە ئاماژە بکرێت بۆ هیچ دەقێکی یاسایی دیاری کراو) کە پێویستی بە ڕەزامەندی وەرگرتنە بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە چاوپێکەوتنانە. وە هەر لە هەمان ڕۆژدا ئازاد کرا بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی ئاڕاستە بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی گیراوەکان دوواتر ئازاد کراون بەڵام ئەم گرتن و لیکۆڵینەوانە لەلایەن بریکارەکانی دەوڵەتەوە کەشێکی پڕ مەترسیی خولقاندووە. لەپاڵ ئەمەشدا شکستهێنانی حکومەت لە پابەندبوون بە ڕیکارە یاساییەکان بەرامبەر بە گیراوەکان، لەنێویشیاندا بێبەشکردن لە گەیشتن بە نوێنەرایەتی یاسایی و نەبوونی چاودێری لەسەر پرۆسەی دادوەری- مەترسیی مامەڵەی نەشیاوی زیادتر کردووەوکە لە هەندی حالەتدا لەوانەیە بگاتە ئاستی دەستگیرکردن و دابڕاندن لە جیهانی دەرەوە.

**ii. ڕێکاری یاسایی بە ئامانجکراو لە دژی ئەوکەسانەی کە ڕەخنە لە حکومەت دەگرن.**

لەمانگی ئازاری ٢٠٢٠ ەوە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵساوە بە دۆکۆمێنتکردنی چەندین کەیسی تاوان کە لەدژی ڕۆژنامەنوسانی سەر بە دەزگای میدیایی جۆراوجۆر و ئەو چالاکوانانەی کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا پۆستیان کردووە یان ڕاپۆرتیان لەسەر نارەزاییەکانی دژی حکومەت ئامادە کردووە یانیش ڕەخنەیان لە دەسەڵاتە گشتیەکانی کوردی گرتووە.

ئەم ڕێکارانەش بەشێوەیەکی سەرەکی یان بەپێی مادەی ٤٣٣ ی یاسای سزادان بوونە کە "ناوزڕاندن" قەدەغە دەکات، یانیش بەپێی مادەی ٢ لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بوونە کە بەگشتی قەدەغەی بڵاوکردنەوەی "زانیاری نادروست" دەکات. ئەم دوو تاوانەش بە دەستەواژەیەکی ڕوون و دروست نەهاتوونەتە پێناسەکردن. هەرکەسێکیش بەم ئەحکامانە تۆمەتبار بکرێت لەوانەیە بۆ ماوەیەکی درێژ زیندانی بکرێت یانیش تووشی پێبژاردنێکی زۆر ببێت.

بۆیە بەکارهێنانی ئەم ئەحکامە یاساییانە ڕێگەدەدات بە بەئامانجگرتنی ڕۆژنامەنوسان و تاکەکەسەکان و فشار خستنەسەریان لەڕێگەی هەڕەشەی ئەوەی کە دووچاری سزای توندی چاوەڕوانکراو دەبنەوە بە گوێرەی یاسای تاوانەکان. ئەمەش پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەرییە ( کە هەموو ئەم کارە هاوچەشنانە دەگرێتەوە کە ڕۆژنامەنوسە پرۆفیشناڵەکان لە کارەکانیاندا پەیڕەوی دەکەن) کە هیچ بەرپرسیارێتیەکی تاوانکاری تاکەکەسی ناسەپێنێت بگرە لەجیاتی ئەوە سەرنوسەرەکانی ئۆرگانە چاپکراوە مۆلەتپێدراوەکان بەرپرسیارێتی پێبژاردنی زۆر هەڵدەگرن (بەڵام نەوەك بەندکردن).

ئەو ئەحکامە یاساییانەی کە ناوزڕاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست بە تاوان هەژمار دەکەن بەکاردەهێندرێن لەدژی کەسەکان لە تاوانبارکردنیانەوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی کۆمێنتی ڕەخنەئامێز دەربارەی ئاسایش لە گفتوگۆکانی سەر تۆڕە

---

30 بنواڕە سەرەوە : ستانداردە جێبەجێکراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستانی عیراق – مادەی ١٢٣ لە ( أصول محاكمات الجزائية)

31 ئاسایش هێزێکی ئەمنیە وە ئۆرگانێکی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان. . کار دەکات لە ژێر فەرماندەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، وە دەسەڵاتی هەیە بەسەر تاوانە ئابوری و سیاسیەکان و لە نێویشیاندا سیخوڕی کردن و کردەی تێکدەرانە و تیرۆریزم.

کۆمەڵایەتیەکان تا دەگاتە بڵاوکردنەوە ئەو ووتارانەی سەر ئینتەرنێت کە بەرپرسانی پلە باڵا لەنێو حکومەت تۆمەتبار دەکات بە سەرنەکەوتن لە هەوڵەکانیان بۆ بەرژەوەندیەکانی حکومەت، یان هاندانی هاوڵاتیان بۆ شکاندنی قەدەغەی هاتووچۆ لەکاتی پەتای کۆڤید-١٩ دا.

لەگەڵ ئەوەی کە ڕوونە دەسەڵات بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بەو یاسایانەی کە ناوزڕاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست قەدەغە دەکات بەمەبەستی سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین، بەڵام نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ/ یونامی ئاگادارە کە دوو لەو ڕۆژنامەنوسانەی کە ڕەخنە لە دەسەڵاتە حکومیەکان دەگرن بەبێ هیچ تۆمەتێك دەستگیر کراون، بەڵام پێیان ڕاگەیەنراوە کە لەوانەیە لەکۆتاییدا بەپێی چەند ئەحکامێکی دیاریکراو لە یاسای سزادانی عیراقیەوە کە قەدەغەی ئەو جۆرە کارانە دەکات کە زیان بە ئاسایش و سەقامگیری و سەروەری وووڵات دەگەیەنن تۆمەتبار بکرێن کە بەهەمان شێویە بۆ ئەم یاسایانەی کە قەدەغەی ناوزڕاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست دەکەن، ئەم ئەحکامانە ڕێگەدەدات بە سەپاندنی سزای هەتاهەتایی

لە دوو کەیسی دۆکۆمێنتکراویشدا تۆمەت خراوەتە پاڵ ڕۆۆژنامەنوسان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ کە دواتر بە کەفالەت ئازادکراون و دەستبەجێ بە تۆمەتی تر دەستگیر کراونەتەوە، ئەمەش بۆتە مایەی دڵەراوکێ لە بەکارهێنانی یاسا بۆ ڕاگرتنی چالاکیەکانی ئەم کەسانە. وەهەروەها فشار خستنەسەریان کە لەوانەیە ببێتە چاودێری تاکەکەسی بەسەریانەوەو لەهەمان کاتیشدا دەبێتە مەترسیی گرتنی هەڕەمەکی.

بۆ نمونە لە ٢٤ ی ئازاری ٢٠٢٠ دا، پۆلیس ڕۆژنامەنوسێکی دەستگیرکرد لەسەر ئەوەی چەند پۆستێکی لەسەر فەیسبوك کە ڕەخنەی لە مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتبوو بۆ پەتای کۆڤید-١٩، هەروەها حکومەتی تاوانبارکردبوو بەوەی کە درێژکردنەوەی قەدەغەی هاتووچۆ بەکاردەهێنێت بۆئەوەی موچەی فەرمانبەران دابەش نەکات. دووای ئەوەی ئەم ڕۆژنامەنووسە بۆماوەی دوو حەفتە دەستگیرکرا دوواتر بە کەفالەت ئازادکرا بەڵام لەدووای دوو ڕۆژ دووبارە دەستگیرکرایەوە بەتۆمەتی ناوزڕاندن بەپێی مادەی ٤٣٣ ی یاسای سزادانی عیراق لە سکاڵایەکدا کە لة لایەن بەرپرسێکی باڵادا لەدژی تۆمارکرابوو.

نمونەیەکی تریش لە ١٥ ی ئایاری ٢٠٢٠، داکۆکیکارێکی مافەکانی مرۆڤ دەستگیر کراوە کە داوای خۆپیشاندانی کردبوو بۆ ماوەی تەنها کاتژمێرێك لە دهۆك بۆ دەربڕینی نارەزایی دەربارەی دوواکەوتن لە پێدانی موچەی فەرمانبەران، ئەم کەسە بەبێ هیچ بڕیارێکی دادوەری لە ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەکرێت وە ماوەی دوو حەفتە لە زیندان مایەوە وە دوواتر لە ٣١ ی ئایار ئازادکرا بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی بخرێتەپاڵ، بەڵام دووبارە لە ١٨ ی ئابدا دەستگیرکرایەوە، ئەوەبوو لە ٩ی ئەیلول بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن تۆمەتبارکرا . وە لە ٤ی تشرینی یەکەم دادگای تەمییزی دهۆك بڕیاری دەستگیرکردنەکەی هەڵوەشاندەوەو بڕیاری ئازادکردنی دەرکرا. تا کاتی نوسینی ئەم راپۆرتەش ئەم کەسە هەر لەنێو سەنتەری ڕاگرتندا ماوەتەوە.

بەرزبونەوەیەکی بەرچاو لە بەکارهێنانی دەزگا یاسایی و ئاسایشیەکان بۆ بەئامانجکردنی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە ڕەخنە لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی کوردی دەگرن هەمیسان بەدیکرا. بۆیە هەڵکوتانەسەر و داخستنی یەکێک لە دەزگا میدیایەکانی پەخشکردن لە ٧ی کانونی یەکەمدا لە سلێمانی، وەهەروەها لە دهۆك و هەولێریش لە ١٩ و ٢٠ ی ئابی٢٠٢٠ بوونەتەمایەی نیگەرانیەکی زۆر, کردارەکانی کە لە دژی ئۆفیسە جیاوازەکانی دەزگا راگەیاندنەکانەوە کراون هەموویان لە لایەن ئاسایشەوە ئەنجام دراون کە لە ژێر فەرمانی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن. داخستنەکانی مانگی ئاب کە بەبێ بڕیاری دادگا بوون تەنها لەسەر بنەمای چەند بانگێشەیەك بوون  کە گوایە ئەم دەزگا ڕۆژنامەوانییە هانی خەڵکی داوە بۆ شکاندنی ڕینمایی و پێوەرەکانی خۆپاراستن لە پەتای کۆرۆنا کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دەرچووبوون.

داخستنی ٧ی کانونی دووەمیش لەدوای ئەوە هات کە لەبەیانی زوودا هەڵکوترایە سەر ئەم دەزگا ڕاگەیاندنە لەکاتێکدا کە ڕوماڵی خۆپیشاندانەکانی دەکرد لەچەند بەشێکی شاری سلێمانیدا. لەم خۆپیشاندانانەشدا کارمەندانی حکومی و خەڵکی ئاسایی بەشدار

بوون کە ڕژابوونە سەر شەقامەکان لەدژی دواکەوتن و لێبڕینی موچەکانیان و داواکاریەکانیان بریتی بوو لەدانانی سنوورێك بۆ گەندەڵی لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و هەلی کار. لەم خۆپیشاندانەنەدا خۆپیشاندەران لەچەند شوێنێکی شاری سلێمانیدا بارەگای حیزبە سیاسیە سەرەکیەکانیان کردە ئامانج. ئەوەبوو توندوتیژیەکان بووە هۆکاری کوشتنی هەشت کەس کە لەنێویاندا بەلانی کەم (دووانیان منداڵ بوون) لەگەڵ برینداربوونی نزیکەی هەشتاو پێنج کەس و کوژرانی پێشمەرگەیەك وە برینداربوونی نزیکەی بیستوپێنج کەس لە کارمەندانی هێزە ئەمنیەکان.

هەر لە ٧ی کانونی دووەمدا وەزارەتی رۆشنبیری بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تیایدا دەڵێت بڕیارێکی کارگێڕی دەرچووە کە لەلایەن بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکاندا واژو کراوە کە بنەمایەکی یاسایی پێشکەش دەکات بۆ داخستنەکە، کە گوایە ئەم دەزگا ڕاگەیاندنە پابەند نەبووە بەم ڕێنماییانەی کە سێکتەری میدیای بینراوو بیسراو ڕێکدەخات. ئەوەبوو پابەندنەبوونی بەم ڕێنماییانە وا پێناسەکرا کە ئاکارێکی ناپەرپرسانەیە و بۆتە هۆی ڕاگرتنی پەخشەکانیان بۆماوەی یەل حەفتە، ئەوەبوو دواتر بۆ ماوەی حەفتەیەکی تریش درێژ کرایەوە لە ١٣ بۆ ١٨ ی کانونی یەکەم. لە ١٩ ی کانونی یەکەم ئەم دەزگا ڕاگەیاندنە دەستی بە پەخشی ئاسایی کردەوە لە بارەگاکەی خۆیدا لە سلیمانی بەڵام ئۆفیسەکانیان لە هەولێرو دهۆکدا دووبارە لە رۆژی 23 ی کانونی یەکەم کرانەوە. ئەو کەلوپەلانەی کە لە هەڵکوتانەسەرەکەی ٧ ی کانونی یەکەمدا لەنێو باڵەخانەکەدا شکێنرابوون و یان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە بردرابوون تاکو ئێستا نەگەرێنراونەتەوە و نەگۆڕاون .

لە ١٣ ی کانونی یەکەمدا بەڕیوبەری گشی بەڕیوبەرایەتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە نوسراوێکی ئاڕاستەی 3 دەزگای تری ڕاگەیاندن کردووە کە هەرەشەی ئەوەیان لێدەکات کەوا ڕیکاری یاساییان لەدژ دەگرنەبەر گەر بێتوو وێنەی توندوتیژیەکانی خۆپیشاندانەکان پەخش بکەن هەروەها ئاگاداریشیان دەکاتەوە لەوەی کە نەکەن هانی بینەرەکانیان بدەن بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی .

لە ٢٥ی کانونی یەکەمدا، لەکاتی گەیشتنی بۆ هەرێمی کوردستان لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ئاسایش هەڵسا بە دەستگیرکردنی بەرپرسی ئەم دەزگا ڕاگەیاندنەی کە لە ٧ی هەمان مانگدا هەڵیان کوتایە سەری. بەپێی ڕاپۆرتەکان ئاسایش بە زارەکی پێی ڕاگەیاندووە کە کەیسێك لەدژی کۆمپانیاکەی هەیە کە پێویستە وەڵام بداتەوە بەبێ خستنەڕووی هیچ زانیاریەکی دیکە بە تێروتەسەلی. ئەم کەسە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر ڕاگیرا و دواتر بەبێ هیچ تۆمەتێکی فەرمی ئازادکرا .

### iii. بێگەردی پرۆسەی دادوەری و نیگەرانیە پەیوەندیدارەکان

سەرەڕای ئەوەی کە وا پێ دەچێ دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەو یاسایانە بەستبێت کە قەدەغەی ناوزڕاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پێناو سنوردارکردنی ئازادی رادەربڕین، لە رۆژی 16 ی شوباتی 2021 پرۆسەی دادگایی کردن و تاوانبارکردن بۆ پێنج پیاو بەڕێوەچوو کە ناسراوبوون بە رەخنەگرتنیان لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان. وە بە 6 ساڵ زیندانی کردن حوکم دران لە دادگای تاوانەکانی هەولێر بەپێ ی ئەو بڕگەو ماددانەی یاسای سزادانی عیراقی کە قەدەغەی" ئەو کارانەی کە پەیوەندیدارە بە ئاسایشی نیشتمانی و سەروەری هەرێمی کوردستانی عیراق"[32] دەکات. وە وا راگەیەندرا کە ئەو پێنج تۆمەتبارە بە دیاریکراوی هەڵساون بە کۆکردنەوەی زانیاری و گواستنەوەیان بۆ لایەنی دەرەکی لە دەرەوەی عیراق لە بەرامبەر پارە، وە زانیاری هەستیاریان داوەتە پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) کە ژیانی گەورە بەرپرسانی کورد و بیانیان خستۆتە مەترسیەوە لە ڕێگای کۆکرنەوەی زانیاری لە بارەیانەوە، هەروەها کۆکردنەوەی چەک بە مەبەستی ناردنی بۆ گروپێکی چەکداری نەناسراو. نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ

---

[32] یاسای سزادانی عیراقی (یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969) مادە 156 کە هەموارکراوە لە هەرێمی کوردستانی عیراق بە یاسای ژمارە 21 لە ساڵی 2003.

له نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری پرۆسەی ئەو دادگایی کردنەیان کرد کە دوو رۆژی خایاند وە مەترسی قووڵ و جیددیان هەیە لە رێزنەگرتن لە پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی دادگایی کردنی دادپەروەرانە لەکاتی دانیشتنەکانی گوێ لێگرتن لە دادگا. پارێزەری بەرگریکار لە تۆمەتبار بە دادگای راگەیاند کە ئەو رێگری لێکراوە کە پەراوەکانی کەیسەکە ببینێت وە کاتی پێویستیشی نەدراوەتی بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ دادگایی کردن. هەر هەموو تۆمەتبارەکان لە دادگا بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ددان پیانەکانیان لە ژێر زەبری ئەشکەنجەدان لێ وەرگیراوە، بەڵام دادوەری دادگا ئەو بانگەشانەی رەت کردەوە بەبی ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی یان پشکنینێکی زیاتر ئەنجام بدات. هەروەها پارێزەری بەرگریکار هیچ دەرفەتێکی پێ نەدرا بۆ دەست گەیشتن بەو بەڵگە سەرەکیانەی کە لە دژی تۆمەتبارەکان پێشکەش کرابوون لەلایەن هەواڵدەرە نهێنیەکان و پیاچونەوە لێیان یان تانە لێدان لە بەڵگەکان لە رێگای ئاراستەکردنی پرسیاری پێچەوانە یان پێشکەش کردنی بەڵگەی رەتکردنەوە.

وە راستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دادگایی کردنەکە دادگای تێهەڵچونەوەی هەولێر فەرمانی راگرتنی بۆ برای یەکێک لە پێنج تۆمەتبارەکە دەرکرد دوای ئەوەی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رەخنەی لە ئەنجامی دادگایی کردنەکە گرت .

وە لە کاتێکی دواتر، لە رۆژی 4 ی ئازار کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە ددانپیانانی پێنج تۆمەتبارەکە بێت سەبارەت بەو تاوانانەی کە پێیانەوە تۆمەتبار کرابون. لەگەڵ پارچە ڤیدیۆکە کەسێکی ئاسایش کۆمێنتی ئەدا کە ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرابو وە دەیگوت کە تۆمەتبارەکان پەیوەندیان هەبووە بە پارتی کرێکارانی کوردستان و راهێنانیشیان لەسەر چەک پێکراوە. ئەم ڤیدیۆیە لە کاتی بەرگرێکردن لە دادگا ئاشکرا نەکرابوو هەر بۆیەش تۆمەتباران ناتوانن تانەی لێ بدەن. لە رێکارێکی جیا بەڵام پەیوەندیدار، لە رۆژی 28 ی شوبات، بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە هەولێر تۆمەتی ناوزڕاندنی ئاراستەی یەکێک لە پێنج کەسە تاوانبارکراوەکان کرد لە سەر بنەمای ووتەیەک کە لە کاتی پرۆسەی دادگایی کردن گوتبوی کە ئەشکەنجە دراوە لە سەر دەستی ئاسایش وەک بەشێک لە بەرگری کردن لە خۆی.

لە رۆژی 28 ی نیسانی 2021 دادگای پیداچونەوە پاڵپشتی سزای ئیدانەکردنی بۆ پێنج پیاوەکە کرد. وە دادگا وای بینی کە ئەو بەڵگانەی کە پێشکەش کرابوون لە کاتی دادگایی کردن لە نێویشیاندا گەواهیدەرە نهێنیەکان بەس بوون بۆ سەلماندنی ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی تۆمەتباران کرابوون. وە دادگا وای بینی کە ددانپیانانەکانی تۆمەتباران بە شێوەیەکی خۆویستی داویانە و بەبێ ناچارکردن بوە وە بانگەشەکانی تۆمەتبارەکانیشی رەتکردەوە کە باسیان لەوە کردبو کە ئەشکەنجە دراون.

لە کاتێکدا نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان نایانەوی هیچ دەرەنجامێک بخەنەروو سەبارەت بە گوناهبارکردن یان بێتاوانی پێنج تۆمەتبارەکە

چارەسەر نەکردنی بانگەشەکانی ئەشکەنجە ، وە وا باسکرا کە تۆمەتبارەکان ناچارکراون بە ددانان بە تاوانەکان، بەرگری (پارێزەرەکان) نەیان توانیوە کە چاویان بە پەراوەکانی کەیسەکان بکەوێت، وە بەڵگەکانیان بخەنە روو بۆ بەرگریکردن، بێبەشکردنی پارێزەری بەرگری لە مافی پشکنینی بەڵگەکانی ئیدانەکردن، وە بڵاوکردنەوەی ئاشکرای "ددان پیانانەکان" ی بانگەشە بۆکراو ئەمانە هەمویان مەترسی جیددین سەبارەت بە پرسی دادپەروەرانەی دادگاییکردنەکان. زێدەباری ئەوەش، لە رێگای دەست کردن بە رێکاری یاسایی  لە دژی ئەو کەسانەی کە گومانیان دەربڕیوە لە رێکارەکانی دادگایی کردن و ئەنجامەکانی (لە نێویشیاندا رێکاری ناوزڕاندن ی بەتەواوی نەشیاو کە بەرزکرایەوە لە دژی یەکێک لە تۆمەتبارەکان کە پەیوەست بوو بەو وتانەی کە لە دادگا دەری بڕی بوو وەک بەشێک لە بەرگری کردن لە خۆی)، واپێدەچێت کە دەسەڵاتەکان سیستەمی یاسایی بەکاربێنی بۆ قەدەغەکردنی ئەو کەسانەی کە بێبەش کراون لە مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە لە هەوڵدان بۆ چارەسەری کارا، لە پێناو تۆقاندن و بێدەنگ کردنی بەرهەڵستکارەکانی و خنکاندنی رەخنە. ئەو جۆرە تۆمەتانە یان هەڕەشەکردن بەو تۆمەتانە کاریگەریەکی ترسناکی هەیە لەسەر هەموو قوربانیەکانی ئەشکەنجە وە دەبێتە شکستیش لە پرۆسەی نەهێشتنی دەربازبوون لە سزا.

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو هەوڵانە رەت دەکاتەوە کە ڕێگرن لە گریمانەی بێتاوانی (افتراض البراءة) کە ئەوە پرسێکی بنەڕەتیە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، وە دانانی کاریگەری بێ بیانو لەسەر ئەنجامەکانی پرۆسەی دادوەری، لە نێویشیاندا هەر ڕێکارێکی تیهەڵچونەوەی پاشینە.

### iv. دەست تێوەردان لە پەخشی تەلەفیزیۆنی و رادیۆیی پەیوەست بە روماڵی خۆپیشاندانەکان.

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە لایەنی کەم دۆکیۆمێنتی 3 رۆژنامەنووسی کردوە کە روماڵی نارەزایەتیەکانیان کردوە و هەر لە شوێنی خۆپیشاندانەکان دەستگیر کراون، سەرەڕای ئەوەش کە توانای ئەوە هەبو کە بناسرێنەوە وەک نوێنەری دەزگای راگەیاندنەکان.

لە 16 ی مایسی 2020 هەشت رۆژنامەنووسی دەزگای میدیایی جیاواز دەستگیر کران لە کاتی روماڵ کردنی خۆپیشاندانەکان لە دژی دواکەوتن لە دابەشکردنی مووچە لە لاینەن حکومەت.

لە 28 ی حوزەیران، رۆژنامەنوسێک دەستگیر کرا لە کاتی روماڵکردنی خۆپیشاندانێکی دەستگێرەکان لە دهۆک.

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان دۆکیومێنتی لایەنی کەم 8 هەشت روداوی کردوە کە هێزەکانی ئاسایش رێگریان کردوە لە رۆژنامەنووسی تەلەفزیۆنەکان کە بگەنە شوێنی خۆپیشاندانەکان بۆ گەیاندنی روداوەکان، وە لە ئەنجامیشدا پێشێلکاری کردنی مافەکانیان لە ئازادی هاتوچۆ و ئازادی رادەربڕین.

هەروەها نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان روداوێکی تۆمارکرد کە پەیوەست بو بە راگرتنی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بۆ ماوەی 3 کاتژمێر بە فەرمانی حکومەت پێش رودانی خۆپیشاندانێک کە پلانی بۆ دانرابوو لە هەولێر ئەنجام بدرێت لە 12 ی ئاب.

### v. هەڕەشە و تۆقاندن و هەراسانکردن و دەست درێژی جەستەیی بۆ سەر رۆژنامەنووسان و چالاکوانان.

ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسان و چالاکوانان کە لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە رایانگەیاندوە کە هەڕەشەیان لێکراوە وەک هەڕەشەی کوشتن، زۆربەی کاتەکانیش لەسەرچاوەی نەناسراوەوە بوە لە رێگای موبایل و پیگەکانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە هەڕەشەکانیش پەیوەندیان هەبوە بە رومال کردنی خۆپیشاندانەکان یان رەخنەکان لە دەسەڵاتە گشتیەکان[33] . بەلایەنی کەم، لە سێ حالەتدا، ئاسایش و پۆلیس هەڵساون بە لێدان و هەراسانکردن و تۆقاندنی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە هەوڵدا بوون روماڵی خۆپیشاندان یان نارەزایەتیەکان بکەن لە شوێنی خۆپیشاندانەکان، بۆ نمونە لە 2ی حوزەیران دوو رۆژنامەنووس دووچاری لێدان بونەوە لە نێویشیاندا بە داری کارەبایی دوای ئەوەی کە پەخشی راستەوخۆیان ئەنجام دابوو لە شوێنی خۆپیشاندانەکە لە شاری سلێمانی، کاریگەری پێکانەکەیان زۆر بوو بەو رادەیەی کە پێویست کرا چارەسەر لە نەخۆشخانە وەربگرن .

---

[33] یۆنامی چەندین بانگەشەی بەدەست گەیشتوە کەوا ئاسایش هەڵساوە بە دەرهێنانی وینە لە ئامێرەکانی مۆبایل و لابتوپی رۆژنامەنووسان و چالاکوانان و دووبارە بڵاوکردنەوەیان لە پەیجەکانی سۆشیال میدیا هاوشان لەگەڵ دەستەواژەی وروژێنەرسێکسی. مەبەستەکەش بۆ لەکەدار کردنی کەسەکانە بەتایبەتیش رۆژنامەنوس و چالاکوانە مێیەکان.

## VI. دەرەنجامەکان

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دۆکیومێنتی چەندین نمونەی هەراسان کردن و هەڕەشە کردن و تۆقاندنی کردوە کەلە لایەن دەسەڵاتەکانی کوردیەوە ئەنجامدراون بەرامبەر بەو کەسانەی کە پیادەی مافی ڕەوای خۆیان کردوە وەک ڕەخنە گرتن لە هەڵس و کەوتەکانی دەسەڵاتە گشتیەکان لە نێویشیاندا جێبەجێکردنی یاساکان بەپێ ی خواست و ویست (ئینتیقائی).

یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ ڕێگا بە سەپاندنی کۆت و بەند لەسەر ئازادی ڕادەربڕین دەدات بە مەبەستی پاراستنی ناوەنگی خەڵکی تر، تەندروستی گشتی یان ئاسایشی نیشتمانی. بەڵام ئەو کۆت و بەندیانە دەبێ بەیاسا ناسێندرابن وە پێویست بن و ڕێژەیی بێت وە بەبێ جیاکاری جێبەجێ بکرێت، لە هەموو ئەو حالەتانەی کە دۆکیۆمێنت کراون ئەو مەرجانە لەو کۆت و بەندیانەدا بەدی نەکراوە کە سەپێێندراون.

ئەو شێوازە لە سەرکوتکردنەی کە لەو ڕاپۆرتە هاتووە کاریگەری خەراپی هەیە لە سەر مافی ئازادی و ئاسایشی کەسەکان و دەربڕین و گردبونەوەی ئاشتیانەو بەشداری کردن وە لەوانەیە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ مافی دیموکراسی فراوانتر بۆ هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە لێپرسینەوە لە دەسەڵاتە کوردیەکان لە کایەی گشتی.

کۆمەڵگەی دیموکراسی پێویستی بە بوونی ڕۆژنامەگەری ئازاد و دەزگای ڕاگەیاندنی تر هەیە کە توانای باسکردنی پرسە گشتیەکانی هەبێت بەبێ سانسۆر یان کۆت و بەند. هاوڵاتیانیش مافی ئەوەیان هەیە کە دەنگ و باس و بەرهەمە میدیاییەکان ببینن[34] . لە کۆتایی دا، ئەو شێوازانەی کە زەق کراونەتەوە لەو ڕاپۆرتە ئاراستەیەک پیشان ئەدات کە پێچەوانەی ئەو پێشکەوتنانەیە کە ساڵانی پێشوو وەدەست هاتوون لە پێناو هەرێمێکی کوردستانی دیموکراسی کە ڕێز لە ئازادی دەربڕین و سەروەری یاسا بگرێت.

بی دەنگ کردنی ڕەخنەی گشتی لە ڕێگای دروست کردنی کەشێک لە ترس ڕێگایەک نیە بۆ بەرەوپێش چوون. ئەوە ڕێک حالی هەر حکومەتێک دەبی کە خۆی دەبینێتەوە ڕووبەڕووی چەندین ئالنگەری کۆمەلایەتی و ئابووری دەبێتەوە و چارەسەری باری تەنگەتاوی ئالۆز دەکات، وە ڕووبەڕووی دژبەری سیاسی دەبێتەوە کە ئارەزووی ئەوەیان هەیە سواری هەر شەپۆڵێکی نارەزایی بن یان بیقۆزنەوە. لەگەل ئەوەشدا، دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە شەفافیەت و لێپرسینەوە کرانەوە بەڕووی پرسیارە بنیاتنەرەکان هەر هەموویان دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ دەسەڵاتەکان بۆ خستنەڕووی کردەوەکانی وە ئەوانەش شتی بنەڕەتێن بۆ بونیاتنانی متمانە لەگەل جەماوەر و پاراستنی ناسنامەی دیموکراسی تەواو.

## VII. ڕاسپاردە سەرەکیەکان

واپێدەچێت کە خۆپیشاندانی ئاشتیانە بەردەوامی هەبێت لە کوردستان. وە دەسەڵاتەکانیش دەبێت پابەندبن بەرەخساندنی کەشێک بۆ پیادەکردنی ئاشتیانەی مافەکانی مرۆڤی هاوشێوە. لە کاتێکدا ئەو پێشوەچونە کە لە ساڵی 2021 وەدەست هاتوە لەبەرچاوەگرین، لە نێویشیاندا پتەوکردنی هاوکاری و هەماهەنگی, نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یۆنامی) وە ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێرێت بۆ :

- دەست بەجی هەنگاو نان بۆ کۆتایی هێنان بە هەراسان کردن و هەڕەشەکردن یان تۆڵە سەندنەوە لە ڕۆژنامەنوسان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانان. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دام و دەزگا ئەمنیەکان بۆ سنوردارکردنی مافەکانی تاکەکان لە ڕێگای دروست کردنی کەشێکی ترسناکەوە.

[34] لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمێنتی گشتی ژ.34(2011) سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین (CCPR/C/GC/34) پارا 20

• دلنیابون لەوەی کە یاسای تاوانەکان بەکار ناهێنرێت وەک ئامراز بۆ سنوردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین لە نێویشیاندا دەستگیر کردن یان بەند کردنی ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی یاسایی بەرهەڵستی یان ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن.

• هەنگاو نان بۆ پوچەڵکردنەوەی یان هەڵوەشانەوەی بە تاوان ناساندنی ناوزڕاندن، وە لە چاوەڕوانی ئەم گۆڕانکاریە یاساییانە، دڵنییای بکرێت لەوەی کە یاسای تاوانەکان تەنها لە حالەتە زۆر مەترسیدارەکانی ناو زڕاندن جێبەجێ دەکرێت.

• وازهێنان لە بە هەڕەمەکی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان, ئازاد کردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەو داکۆکیکارانەی مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانانەی کە تا ئێستا بە شێوەیەکی نایاسایی ڕاگیراون و وازهێنان لەوەی کە سیستەمی دادپەروەری بەکاربهێنرێت بۆ سەرکوت کردنی ئازادی ڕادەربڕین.

• زامن کردنی ئەوەی کە هەر کەسێک تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی تاوانێکی تاوانکاری هەموو مافێکی دادگایی کردنی دادپەروەرانە وزەماناتی ڕێکارەکانی هەیە بە پێ ی پیوەرە نێودەوڵەتیەکان و نیشتمانیەکانی پەیوەندیدار.

• دەست بەجێ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی شەفاف و کارا و بێلایەن و سەربەخۆ لە بانگەشەکانی ئەشکەنجەو وە لێپرسینەوەش لە ئەنجامدەرانیان بکرێت.

• دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ووتەکان و شایەدیەکانی کە دەوترێت لە پرۆسەی دادگایی کردنی تاوانەکان، بەتایبەتیش ئەو ووتانەی کە تۆمەتبار یان نوێنەری یاساییان یان شایەدەکان ئەیڵێن  کە بانگەشەی ئەشکەنجە ئەکەن، وەک ئیمتیازێکی یاسایی تەواو سەیر بکرێت و ناکرێت بکرێتە بنەمایەک بۆ تۆمارکردنی داوای ناوزڕاندن بەپێ ی یاسای تاوانەکان یان یاسای شارستانی.

• پاڵپشتی کردنی مافی دادپەروانەی کارا لە هێرشەکان و هەڕەشەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی خێرا و کارا و گشتگیر و سەربەخۆ و بێلایەن و شەفاف لە سکاڵاکان، و زامن کردنی پێشکەشکردنی کەسە بەرپرسەکان بۆ دادپەروەری. قوربانیەکان و خێزانەکانیان مافی دادپەروەری و ئاشکراکردنی ڕاستی و لە هەوڵدان بۆ چارەسەری کارا.

• دەست بەجێ هەنگاونان بۆ بەهێزکردنی ئازادی کاری دامەزراوە میدیاییەکان، بە ئاشکرا برەودان بە ڕۆڵی بەرچاو و یەکلا کەرەوەیان لە ناو کۆمەڵگە. زامن کردنی پاراستنی گونجاو بۆ ڕۆژنامەنووسان و ئەو خەڵکانەی تریش کە لە هەوڵی پیادەکردنی مافەکانی خۆیانن لە ئازادی ڕادەربڕین.

• هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە ئیستا هەن بە مەبەستی پێشکەش کردنی پێناسەیەکی ڕوون بۆ ووتاری قەدەغەکراو و زامن کردنی ئەوەی کە کۆت و بەندیەکانی سەر ئازادی ڕادەربڕین کە لە یاسا نیشتمانیەکاندا هاتووە گونجاون لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤی پەیوەندیدار.

• لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکانی بەکارهێنانی هێزی لە ڕادەبەدەر/ یان نا پێویست یان بەکارهێنانی هێزی نەگونجاو لە دژی خۆپیشاندەران و گرتنەبەری ڕێکارەکان لە نێویشیاندا لێپرسینەوە، و پیاچونەوە بە کارەکان وە ڕاهێنان کردن بە مەبەستی قەدەغە کردنی ئەو ڕوداوانە لە داهاتوودا.

## VIII. پاشکۆ

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان

---

**کۆمێنت لەسەر ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق /یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان دەربارەی دۆخی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستاندا**

**ئایاری ٢٠٢١**

**ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لەم دەرەنجامانەی کە نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیگەیشتووە دوابەدوای پێداچونەوەیەکی وورد  لەگەڵ لایەنە حکومیەکانی پەیوەست بەم بابەتانەی کە لەڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق/ یەنامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە.**

## پێشەکی

میدیای ئازاد زۆر گرنگە بۆ خودی خۆی، هەروەها توخمێکی سەرەکیشە بۆ کاراکردنی دیموکراسیەت. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش شانازی دەکات کەوا دەزگای ڕۆژنامەوانی زیندووی هەن، وە هەردەم شایەتی ئەوەدراوە کە کوردستان هەرێمێکی نمونەیی بووە بۆ ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەستی بەوەکردووە کە پێویست دەکات پێشوەچوونی زیاتر ئەنجامبدرێت و پابەندیش دەبێت بە ئەنجامدانی چاکترکردن ئەگەر پێویست بکات.

## هەماهەنگی نێوخۆی و نێودەوڵەتی

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندین هاوبەشی تردا کاردەکات لەپێناو پاراستن و برەودان بە ئازادی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا.

- بانگهێشتی هەریەك لە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق/ یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانمان کردووە کە هاوکارمانبن لە پێشخستنی پرۆسەی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکەوتنێکی درێژخایەنی هەیە لەگەڵ کۆمیتەی نێودوەوڵەتی خاچی سوور کە ڕێگە بە نوێنەرەکانیان دەدات بەبێ هیچ بەربەستێك و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بچنە سەردانی هەموو سەنتەرەکانی ڕاگرتن لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بەم دواییانەش هەمان هەلی بەخشیوەتە کارمەندانی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان/یونامی. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیەش نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق/ یونامی هەڵساوە بە ئەنجامدانی ١٤ سەردان بۆ سەنتەرەکانی ڕاگرتن و چاوپێکەوتن لەگەڵ ٦٠ ڕاگیراودا.
- هەروەها داوامان لە وولاتانی ئەندام کردووە لە یەکێتی ئەوروپا کە هاوکارمان بن لە ئەنجامدانی چاکسازی یاسایی و دادوەری لە هەرێمی کوردستان.
- وەزیرە باڵاکانی حکومەت ڕاوێژیان کردووە لەگەڵ گروپەکانی داکۆکی نێوخۆدا، لەنێویشیاندا سەنتەری میترۆ بۆ مافی ڕۆژنامەنوسان و سەندیکان ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستاندا بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بو ئەو مەترسیانەی کە پەیوەستن بە ئازادی ڕۆژنامەوانی و مافاکان.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا کاردەکات بۆ ڕاهێنانی دادوەرە نێوخۆیەکان.

## پێشوەچون لە ئازادی ڕۆژنامەگەریدا

سەنتەری میترۆ کە دەزگایەکی چاودێری و کامپینە بۆ مافی ڕۆژنامەنوسان لە عیراق، بەم دووابیانە لە ڕاپۆرتەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بانگێشەکانی توندوتیژی لە دژی ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان لە پێنج مانگی ڕابردوودا نیواو نیو کەمبۆتەوە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠. بەڵام ئەو کەسانەی کە ڕاپۆرتەکەی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ هاریکاری عیراق/ یونامی و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانیان ئامادەکردوە باسیان لەم دەرەنجامانە نەکردووە کە پسپۆرانی مافی ڕۆژنامەنوسان لە عیراق و کوردستاندا پێیگەیشتوون.

## ئالنگەریە نائاساییەکان

لەساڵی ڕابردوودا پەتای کۆڤید-١٩ چەندین کێشەو تەحەدیاتی نائاسایی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشانەش حکومەت چەندین هەنگاوی گرتۆتەبەر بۆ سنوردارکردنی ئازادی تاکەکەس چونکە بە پێویستی زانیون بۆ پاراستنی تەندروستیی گشتی. بەتایبەتیش حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵساوە بە سنووردارکردنی گردبوونەوە جەماوەریەکان، ئەمەش لەدووای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی دووبارە- هەرواها ڕێگەی گرتووە لەچەند دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی کە داوایان لە جەماوەر کردووە پێوەرەکانی خۆپاراستن لە پەتای کۆڤید-١٩ پشتگوێ بخەن لەگەڵ بەشداربوون لە گردبوونەوەی جەماوەریی نایاسایی. هەندێك لەم گردبونەوە جەماوەریانەی کە لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە توندوتیژی لێکەوتۆتەوە: تەقە لە هێزە ئەمنیەکان کراوە و کارمەندان و خەڵکی سیڤێل تێیدا بریندار بوونە و زەرەرو زیانێکی زۆریش بە موڵك و ماڵ کەوتووە. زۆربەی هەرەزۆری حکومەتەکانی جیهان ئەم پێوەرانەیان گرتۆتەبەر بەمەبەستی کەمکردنەوەی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو باوەڕەدایە کە کارەکانی لەم بارودۆخەدا کاری ڕاست و دروستن و هەروەها گونجاویش بوونە لەگەڵ پابەندیەکانی بە مافەکانی مرۆڤەوە بەپێی یاساکانی نێودەوڵەتیدا. هەروەك زۆربەی وولاتانی دیکە حکومەت لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەرکاتێك بارودۆخ گونجاو بێت بەربەستەکان هەڵبگرێت.

## کەیسە تاکەکەسییەکان

ڕاپۆرتی یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ باس لە کۆمەڵێک پێشێلکاری بەرانبەر مافەکانی ڕۆژنامەنوسان لە کوردستان دەکات. لە زۆربەی نمونەکان، ڕاپۆرتەکە زانیاری تەواو ناخاتە بەردەست حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی کەیسە تایبەتەکان و قسەکردن لەسەر ئەو نیگەرانییانەی کە ئاماژەیان بۆکراوە. لەو شوێنانەی نیگەرانیەکان نیشاندراون، ئێمە بەدواداچوونیان بۆ دەکەین. بەڵام ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نییە کە هیچ کەسێک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی یان بە نایاسایی دەستبەسەرکرابێت. بەدەر لە دەستبەسەرکردنێکی کورت لەنێو چوارچێوەی دەسەلاتەکان بەپێی یاسا، هەموو سەنتەرەکانی دەستبەسەرکردن بەگوێرەی فەرمانەکانی دادوەرییەوەیە. حکومەتی هەرێمی کوردتسان بەتەواوی دژی ئەشکەنجەیە. ئێمە گشت جۆرەکانی ئەشکەنجە ڕەددەکەینەوە. هیچ بەڵگەیەکی ئەشکەنجەدانمان نەبینی لە ڕاپۆرتی سەربەخۆی (ICRC). ئێمە، هەروەها، چۆنیەتی چاوپێکەوتن بە بەندکاراوان بۆ لایەنە باوەڕپێکراوەکانی تر فەراهەم دەکەین بۆ برەودانی پتربە پاراستن دژ بە مامەڵەی نادروست.

لەو شوێنانەی ڕاپۆرتەکە کەیسە دیاریکراوەکان دەستنیشان دەکات، کۆمەڵێک بۆشایی بەرچاو لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی دەرەنجامەکان لەلایەن نووسەرەکانەوە دەبینرێن.

نمونەیەک لەم بارەیەوە بریتییە لە باسکردنی حکومدانی ١٦ی شوباتی دادگەی تاوانی هەولێر بۆ پێنج کەسەکە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی پاراستنی نەتەوەیی.

کەیسی دژ بەو کەسانە هیچ شوێنەگەیەکیان نییە لە ڕاپۆرتیک دەربارەی ئازادی ڕۆژنامەوانی. ئەو کەسانە بۆ بابەتی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری حوکم نەدران. ئەوانە بەتاوانبار لە قەڵەمدران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وورد وهەستیار، وە ناردنیان بۆ پەکەکە بە شێوەیەکی نهێنی. پەکەکە بەرپرسیار بووە لە تیرۆرکردنی دیپلۆماتکارێکی بیانی و بەرپرسە باڵاکانی ئەمنی لە کوردستان لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا. ئەو زانیارییانەی کە ئەو کەسانە بۆ پەکەکەیان ناردووە، ڕاستەوخۆ ژیانی بەرپرسە باڵاکانی کورد و بیانی دەخاتەمەترسییەوە لە کوردستان.

ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێک نیگەرانی لەخۆ دەگرێت دەربارەی دادگاییکردنی ئەوکەسانە. حکومەتی هەرێم ئەم نیگەرانییانە بەهەند وەدەگرێت. بەڵام دادگەی تاوانی هەولێر سەربەخۆیە و حکومەت ناتوانێت و دەستیش ناخاتە پرۆسەکانی دادوەریی. تۆمەتباران نوێنەرایەتیان کراوە لەلایەن پارێزەرانیان لە هەموو ماوەکەدا و چاویان کەوتووە بە پارێزەرەکانیان لەماوەی چاوەڕێکردنی دادگاییکردنیان. دادگاییکردنەکان لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییە نێونەتەوەییەکانەوە، پەرلەمانی کوردستان و میدیاوە چاودێری کراون. ڕێکخراوی خاچی سوور و یونامی دەستیان گەیشتوە بە تۆمەتباران لەوکاتەی لە سەنتەرەکانی دەستبەسەرداگرتن بوون. دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بە پشتڕاستکردنەوەو و پەسەندکردنی ئەو حوکمانەی کە دەرکرابوو بۆ ئەوکەسانە.

هەر دەربارەی ئەم کەیسە، سەرۆک وەزیران خۆی پێشتر خۆی نامەیەکی ووردکاری بۆ کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان ناردووە. ڕاپۆرتی یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری بالای مافەکانی مرۆڤ نە ناوی ئەم نامەیە دێنی و نە باس لەو زانیارییانەی نێوی دەکات کە لەو نامەیەدا ئاماژەیان پێدراوە.

## دەرەنجام

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاردا بووە لەگەڵ یونامی و ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە ئازادیی میدیایی – لەسەر سیاسەتی گشتگیرتر و گۆڕانکاری یاسایی و کەیسە تاکەکەسییەکان – هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیەی پەیوەندییەش دەمێنێتەوە. ئێمە و نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم ڕەشنووسی ڕاپۆرتەی (یونامی/ئۆفیسی کۆمسیار) مان تاووتوێ کردووە، وە لەوکاتەی ئێمە هەستناکەین کە ڕاپۆرتەکە بەتەواوی دۆخی کوردستان نیشان بدات، ئێمە سوپاسگوزاری پابەندیی نەتەوەیەکگرتووەکانین بە دیالۆگەوە. زۆرگرنگە کە تێگەیشتنی هەموو لایەنەکان لە دۆخی کوردستان لەسەر بنەمای تێکەڵبوون بێت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ڕۆژنامەنووسان، وەهەروەها لەژێر ڕۆشنایی شیکاریی وهەڵسەنگاندنی ووردی زانیارییەکان بێت کە بەدەستیان دەگات. ئێمە پێشنیارەکانی یونامی/ئۆفیسی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ بەهەند وەردەگرین. بە ووردی سەرنجیان دەدەین و لەگەڵ هاوبەشە نێونەتەوەییەکانمان کاردەکەین بۆ جێبەجێکردنیان. ئێمە بەردەوام دەبین لە بەرگریکردن و بەرەوپێشبردنی ئازادی میدایی لە هەرێمی کوردستان.